REWAN

# ڕێوان

ڕۆژنامەیەکی روناکبیری سەربەخۆیە
سەنتەری ڕاگەیاندنو روناکبیری ژنان دوو هەفتە جارێ دەریدەکات

١ی شوباتی ٢٠٠٧ | ژمارە (١٤١) ساڵی شەشەم | نرخی (٢٥٠) دینارە

An Independent Cultural Newspaper Published Twice a month by Women's Media and Education Center

هونەری گێڕانەوەو کاریگەری لەسەر خستنەڕووی ڕاستیەکان

ل٢

# داستان خۆی کوشتو بەیانیش کوژرا

لە گەڕەکێکی شاری ڕانیە، بەیان لەلایەن برایەکیەوە کوژراو تاوانباریش هەڵات.

بەیان لە دایکبوی ساڵی ١٩٨٣یەو دوو ساڵ لەمەوبەر ڕەدوکەوتووە، هەر ئەو ساڵە بنەماڵەکەیو بنەماڵەی کوڕەکە بە ژنێکو پەنجا هەزار سوڵحیان کردووەو ڕۆژی ٢٠٠٦/١/٢٦ بەیان لەلایەن براکەیەوە بە فیشەك لەسەر جادە کوژرا.

بەپێی هەواڵی پەیامنێران بەیان کاتێك ڕەدوکەوتووە سوڵحی بۆکراوەو کێشەکە کۆتایی هاتووەو لەو کوڕە مارە کراوە کە ڕەدوی کەوتووە، بەڵام براکەی لەبەرەبەیانی ڕۆژی ٢٦/١دا فیشەکێکی ناوە بە گوێچکەیەوەو گیانی لەدەستداوە.

سەرچاوەیەك لە بنکەی پۆلیسی کێوەڕەش، ئاشکرای کرد کە "تاوانبارەکە هەڵاتووەو چۆتە ناو پارتێکی کوردستانیەوەو ئێمەش بە نوسراوی فەرمی داوامان کردووە ئەو تاوانبارەمان تەسلیم بکەن".

هەر لەم مانگەداو لە ڕانیە کچێك بە ناوی داستان کە خوێندکاری پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان قۆناغی دووەم خۆی سوتاندو گیانی لەدەستدا، ئەمەش پاش ئەوەی بنەماڵەکەی قایل نەبوون شوو بە ویستی خۆی بکات.

بەپێی زانیاری پەیامنێرانمان "داستان ١٣ جار لەلایەن کوڕێکەوە داواکراوە، بەڵام کەسوکاری ڕازی نەبوونو ئەویش خۆی سوتاندووە".

خوێندکارێکی هەمان قۆناغ وتی "ئەو، هەفتەیەك ژیاو سەردانمان کرد لە نەخۆشخانەو ئیفادەشی داوە کە چۆنو بۆچی خۆی سوتاندووەو ڕۆژی سەرقەبرانەکەشی گوڵمان خستە سەر گۆڕەکەی".

سەرچاوەیەك لە پەیمانگەی ناوبراو ئاشکرای کرد "ئەگەرچی دەوترێت خوێندکارێك کێشەی هەبوو بۆ مامۆستاکانی باس بکات، بەڵام پاش چی؟".

لە کۆبونەوەیەکدا

# پارێزگاری سلێمانی کێشەکانی شار لەگەڵ گەنجان و ڕێکخراوەکان تاوتوێ دەکات

بەمەبەستی ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی کۆنفرانسێکی پەرەپێدان بەشاری سلێمانی، پارێزگار لەگەڵ ڕێکخراوە مەدەنیو ڕێکخراوەکانی ژنان و گروپێك لەگەنجان کۆدەبێتەوە.

ڕۆژانی ٢٩-٣٠-١-٢٠٠٧ پارێزگاری سلێمانی بەئامادەبونی چەند ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگاو بە بەشداری نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕێکخراوە مەدەنیەکان و گروپێك لەگەنجان دووکۆبونەوەی فراوانی سازکرد.

ڕۆژی ٢٩-١-٢٠٠٧ تایبەت بوو بەکۆبونەوەی پارێزگارو ڕێکخراوەکانی ژنان و کۆمەڵگای مەدەنی. تیایدا کۆمەڵێك پێشنیارو پرۆژە لەلایەن ژنە بەشداربوەکانەوە خرایە ڕوو، نوێنەری سەنتەری ڕاگەیاندن و روناکبیری ژنان کە بەشدار بوو لەکۆبونەوەیەدا ووتی "لەبەشداریەکمدا پێشنیارم کرد کە شوێنێك بۆ مانەوەی ژنان بکرێتەوە، بەتایبەتی ئەو ژنانەی کە لانەیان نیە یان هۆشیان لەدەست داوە".

ڕۆژی دواتریش بەئامادەبونی گروپێك لەگەنجانی شاری سلێمانی پارێزگارو چەند ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگا بۆ ماوەی زیاد لە چوار کاتژمێر کۆبونەوەیەکیان سازکرد، ئاسۆ جەبار گەنجێکی بەشدار بوی کۆبونەوەکە بوو، وتی "گەنجەکان ڕەخنەی ئێجگار جوان و جدیان تەنانەت لەخودی پارێزگار گرت، هیوادارم ئەو ڕەخنانە لەکۆنفرانسەکەدا ڕەنگ بداتەوەو کاری بۆ بکەن، لەبەر ئەوەی تەنها گوێ گرتن، لەم سەردەمی فەرامۆشکردنەی ڕای خەڵکدا بەبێ کاری جدی هەوڵەکان سەرناگرێت".

بەشداربویەکی تری کۆبونەوەکە ووتی "خەمی ڕۆژانەی گەنجان لە گرانی بازاڕو نەبونی شوێنی نیشتەجێبون و کەمی سوتەمەنی تەوەری سەرەکیی ڕەخنەکانی گەنجان بوو".

هاوکات پارێزگار ئاماژەی دا بە بەهەند وەرگرتنی سەرجەم ڕەخنەو پێشنیارەکان و وەڵامی ڕەخنەکانیشیان لە کۆنفرانسی ناوبراو دەدرێتەوە.

# وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژنان هاوکاری ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان دەکات

وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژنان بەیاوەری ژیان بابان لەسەنتەری بابان، بەمەبەستی وتووێژ کردن دەربارەی پرۆژەکانی حکومەت بۆ ژنان سەردانی سەنتەری ڕاگەیاندن و روناکبیری ژنان دەکەن.

جینان قاسم وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژنان و ژیان بابان لەسەنتەری بابان ڕۆژی٣شەمە ٣٠-١-٢٠٠٧.

سەردانی سەنتەری ڕاگەیاندن و روناکبیری ژنانیان کرد، مەبەست لە سەردانەکەیان وتووێژکردن بوو سەبارەت بەو کارانەی حکومەت بەنیازە ئەنجامی بدات بۆ ژنان و لەلایەن بەرپرسی سەنتەر روناك ڕەوف و ئەندامانی سەنتەرەوە پێشوازیان لێکرا.

د.جینان سەبارەت بە پرۆژە بۆ ژنان لەم قۆناغەدا ووتی "من سودم لەو کارەی پێشوم وەرگرت لە بواری تەندروستیدا، و تاڕادەیەکیش ئاگاداری کێشە سەرەکیەکانی ژنانم، بۆیە لەگەڵ دەست بەکاربونمدا بەرنامەیەکم بۆ چاککردنی دۆخی ژنان پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیران کرد".

هەروەها ووتی" یەکێك لەکارەکانم هاوکاری کردنی ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتانەو هاوکات بەرنامەڕێژیمان کردوە بۆ ٨ مارتی ئەمساڵ، لەگەڵ سامان شاڵی کە چالاکیەکی تایبەت بکەین لە هەولێرو سلێمانی".

بەشداربویەکی ناو کۆبونەوەکە باسی لەوە کرد کە سرودێکی تایبەت بە ژنان بۆ ئەو ڕۆژە ئامادە دەکرێت لەپەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر و بۆ چالاکی ناوبراویش کە لە هەولێرو سلێمانی دەکرێت نزیکەی ٣٠ کەسایەتی بیانی بانگهێشت دەکرێن و بەپێی ووتەی میوانەکانیش ئەوان بە مەبەستی وەرگرتنی پێشنیار بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی پرۆژەکەیان سەردانی سەنتەری ناوبراویان کردوە.

# کوڕە بەرپرسێک دەبێتە هۆی هەڵدێرانی ژنە شۆفێرێک

لە ڕووداوێکی مەبەستداردا ژنێك ئۆتۆمۆبێلەکەی وەردەگەڕێتو گیان لەدەستدەداتو تاوانباری ڕووداوەکەش کوڕی بەرپرسێکە.

پاش ئەوەی گەنجێکی خوار ١٨ ساڵ بە ئۆتۆمبێلەکەی دوای ئۆتۆمۆبێلی (س) دەکەوێت کە ژنێکی تەمەن ٢٤ ساڵانەو خاوەنی منداڵێکەو لەسەر ڕێگای ڕۆیشتن بووە بۆ کارەکەی لە کۆمەڵگای بەستۆڕەی هەولێر دەکەوێتە کەندێکی لای شەقامەکەوەو گیان لەدەست دەدات. هاوسەری (س)ی کۆچکردوو دەڵێت " کاتێك ئەو بۆ دەوام دەچوو مۆنیکایەك تەنگاوی دەکاتو خۆی دەکێشێت بە سەیارەکەی (س)داو هەڵیدەداتە کەندێکەوەو پۆلیسی هاتوچۆش ڕووداوەکەی وا تۆمارکرد کە ئەو سەیارەیە بەهۆی لێدانەوە وەرگەڕاوە".

بەپێی قسەی کەسوکاری (س) ڕۆژی دووەمی پرسەی (س) پیاوێك ژمارەی ئەو سەیارەیەیان دەداتێو ئەو کاتە ئەوان دەزانن کە مردنی (س) قەزاوقەدەر نەبووە.

ئەندامێکی بنەماڵەکەی (س) وتی " ئەو پیاوە شاهێدێکی نادیارەو هەر ئەو پیاوە ژمارەکەی بە بازگەکانیش داوە".

لە میانەی بەدوادا چونی کەسوکاری (س)، خاوەنی ئەو مۆنیکایە دەدۆزنەوەو دەردەکەوێت کە ئەو سەیارەیە هی بەرپرسێکی دیاری پارتییەو پاش ڕووداوەکە، چەند جارێکیش ئەو بەرپرسە سەردانی ماڵی (س) دەکات، بۆ ئەوەی بۆیان دەربخات کە ئامادەیە بەهەر شێوەیەك بێت کێشەکە چارەسەر بکرێت. هاوسەری (س) دەڵێت "من بڕوام بە سوڵحی عەشایەری نییەو نازانم یاساش چیم بۆ دەکات".

**لە جەماوەرەوە**

# پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بازاڕی گەشتوگوزاری سێکس فراوان دەکات

بەپێی ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتوەکان، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بەتایبەت لەبواری ئەنتەرنێت و گەشتوگوزاردا بووەتە هۆی ئەوەی دەرفەتی بازرگانی کردنی سێکسی فراوانترو ئاسانتر ببێت کە ساڵانە زیاتر لە ٣١ملیار دۆلار دەرامەتی هەیە.

نیوەی ئەم داهاتە لەوڵاتانی پیشەسازیدایە، لە ١٠%ئەم داهاتەش لەو وڵاتانەیە کە هەنگاو بەرەو پێشکەوتن دەنێن، زۆر لەوڵاتانی وەك ئەورووپای باشورو ڕۆژهەڵاتی دوای شەڕی باڵکان، بونەتە مەڵبەندی بازرگانی کردن بە ژنانەوە، بەپێی ئەو ئامارەی نەتەوە یەکگرتوەکان، وڵاتانی پیشەسازی بۆ هەر ژنێك ساڵانە ٦٧٢٠٠دۆلار دەدەن و لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ساڵانە ٤٥٠٠ دۆلار بۆ هەر ژنێك دەدرێتو لەوڵاتانی تازەپێشکەوتووشدا نرخی هەر ژنێك ٢٣٥٠٠ دۆلارەو لە ئەمریکای لاتیندا ١٨٢٠٠ دۆلارەو لەئاسیاو ئەفریقا ١٠٠٠٠ دۆلارە.

بەپێی ئەم سەرچاوەیە زیاتر خواست لەسەر کچانی خوار ٢٥ساڵەو، ٢٢% ژێر ١٨ساڵەو ئەوانەی ئەم کارە دەکەن زیاتر ئەو کچانە دەکرن کە تەمەنیان ١٦-٢٠ساڵە.

**لەئینتەرنێتەوە**